ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس
ZAGROS WEBSITE

# دەقی راپۆرتی
# "گروپی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
# بۆ چاودێریکردنی سووتەمەنی "

## پێشەکی

لەروانگەی باوەڕبوونمان بەوەی کە "ئەگەر سووتەمەنی نەبێت با بۆ هەمووان نەبێتو ئەگەر هەشبوو ئەوە دەبێت بۆ هەمووان هەبێت"، رۆژی 2006/7/18 "گروپی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چاودێریکردنی سووتەمەنی– سلێمانی" پێکهات. ئامانجی ئەم گروپە چاودێریکردنی بڕو جۆری ئەو سووتەمەنیانە (بەنزین، نەوت، گاز) بوو کە دێنە نێو جوگرافیای پارێزگای سلێمانییەوە، کە هاوکات هاوکاریکردنێکی حکومەتیشە لە دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ کێشەی سووتەمەنی لەم پارێزگایەدا.

وەك ئاشکرایە قووڵبوونەوەی قەیرانی خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاوو کارەبا بەگشتیو سووتەمەنییەکان بەتایبەتی لەمانگی ئابی 2006دا، چەندین خۆپیشاندانی لەناو شەقامەکانی شارو شارۆچکەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانیدا لێکەوتەوە، ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی زیاتری خستە بەردەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشتیو گروپەکەمان بەتایبەتی بەوەی کەدەبێت سروشتی کارەکانیان تەنها لەهۆشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەدا نەهێڵنەوە لەبارەی دیموکراسیو دەوڵەتی یاساو کۆمەڵگەی مەدەنیو شەفافیەتو لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتیو دیالۆگی دەستووریو پەروەردەی مەدەنیو ...هتد، بەڵکو دەبێت، لەپاڵ ئەمەدا، ئاڕاستەی کارەکانیان بەرەو کاری مەیدانیش بگوێزنەوە، تاوەکو لەنزیکەوە ئاگاداری هۆکارەکانی کێشەی سووتەمەنی بێت لەسنوری پارێزگاکەداو رەگەزەکانی ئەو گوتارەی حیزبی دەسەڵاتدارو حکومەت بپشکنێت کە لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا دووپاتیاندەکردەوە بەوەی کە ئەو بڕی سووتەمەنییەی دێتە ناو شاری سلێمانییەوە کەمەو بەشی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان ناکات.

لەماوەی رابوردودا "گروپی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چاودێریکردنی سووتەمەنی" چەندینجار سەردانی هەریەك لەبەڕێزان پارێزگای سلێمانی (2006/8/28)و قائیمقامی قەزای سلێمانی (2006/8/29)و (سەرۆکی دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان)و (دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان– بەڕێوەبەرایەتی پلانو بەدواداچوون) (2006/9/5) و (لیژنەی سووتەمەنی سلێمان)ی کردووە بەئامانجی ئاشنابوون لەو کۆسپانەی دێنەبەردەم کێشەی سووتەمەنی لەپارێزگاکەماندا. لەو میانەیەشدا گروپەکەمان چەند زانیارییەکی زۆری لەبارەی چۆنێتی هاتنو دەرچوون (دابەشکردن)ی بڕی بەنزینو گازو نەوتەوە دەسکەوت، بەڵام لەدواجاردا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە کێشەکان زۆر لەوە قووڵترن بتوانرێت لەئێستادا چارەسەربکرێت، چونکە بۆمان دەرکەوت کە دەزگای پرۆژە تایبەتییەکانیش وەك زۆربەی دەزگایەکی تری هەرێمی کوردستان هێشتا نەبۆتە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی خاوەن بڕیاری خودیی، هەرچەندە بەڕێوەبەرو زۆربەی کارمەندانی ئەم دەزگایە هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئەوەی دەزگاکەیان بەشێوەیەکی سیستماتیكو رێکوپێكو یەکسان لەدابەشکردندا بەرن

بەڕێوە، بەڵام نامەو پسوولەو واسیتەی هەندێك مەسئولی حیزبی و دەزگاکانی دیکەی حیزبی و حکومی سیستمەکەیان شێواندووە بەجۆرێك دەتوانین بڵێین ئیفلیجکراوە.

## چەند زانیارییەکی تەکنیکی:

– لەسەرجەم پارێزگای سلێمانیدا تەنها یەك عەمبار هەیە بۆ هەڵگرتنی سووتەمەنی ئەویش ناوی مستەودەعی گۆیژەیە، توانای خەزنکردنی ئەم مستەودەعەش تەنها 10 ملیۆن لیترە، کە بەم شێوەیەیە: (3 ملیۆن لیتر نەوت ، 4.5 ملیۆن لیتر بەنزین ، 2.5 ملیۆن لیتر گاز )

– ئەو سەرچاوانەی کە سووتەمەنییان لێوە دێت و دەبرێنە دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتییەکانی سلێمانی و تەسلیم بەوان دەکرێت پێنج سەرچاوەیە کەئەمانەن:

– تورکیا، کەرکوك یان بێجی، خانەقین، بەسرە، پاڵاوگەی سلێمانی.

– کۆی بەنزینخانەکانی پارێزگای سلێمانی 67 بەنزینخانەیەو لەم ژمارەیە 24 دانەیان سەر بە یەکەی ئیداریی سلێمانییەو (43)ەکەی تریشیان دەکەونە 11 یەکەی ئیدارییەوە (چەمچەماڵ، سەیدسادق، هەڵەبجەی شەهید، پێنجوێن، چوارتا، پشدەر، رانیە، دوکان، دەربەندیخان، کەلارو کفریشەوە.

– ئەو بەنزینەی لەبەنزینخانە حکومییەکاندا دابەشدەکرێت نرخەکەی 275 دیناری عێراقییەو پرۆژە تایبەتییەکان بە 265 دینار دەیاندەنێ، واتە هەر لیترێك بۆ ئەوان تەنها 10 دینار قازانجی تێدایە.

– سووتەمەنییەکانی دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتییەکان بەپێی 3 لیست دابەشدەکرێن: وێستگەکان (واتە بەنزینخانەکان)، کەرتی گشتی، فەرمانگە حکومییەکان.

– لە 10 مانگی رابوردودا ( واتە لەمانگی کانونی دووەمی 2006 – مانگی تشرینی یەکەمی 2006) ئەو برە بەنزینەی کە مانگانە گەیشتۆتە دەست دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتییەکانی شاری سلێمانی بەگشتی لەنێوان (15 ملیۆن – 23 ملیۆن) لیتردا بووە.

## خوێندنەوەیەك بۆ لیستی کەرتی گشتی

ئێمەی گروپی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم خوێندنەوەیەماندا دەمانەوێت ئەو ژمارە ترسناکانە نیشانبدەین کە لەسەر کێویێك لەناعەدالەتی دانیشتووە، ئەو ناعەدالەتییەی لەنێوان هاولاتییەك و هاولاتییەکدا، دەزگایەك و دەزگایەکدا هەیەو رۆژانە بەرهەمدێتەوە، تەنها هۆکەشی ئەوەیە کەبەشێکیان کەسان و دەزگای حیزبین و بەشێکیشیان هەڵگری شوناسی تایبەت و سەربەخۆی خۆیانن. وەختێك ئەم ژمارانەت بەرچاودەکەوێت دەمودەست لەوە تێدەگەیت کەمەودای نێوان تۆی هاولاتی و ئەوی حیزبی لەڕووی دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەوە چەندێك گەورەیە! هەر ئەمەشە نهێنی بەردەوامبوونی ئەو قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی و داراییەی بەپێی لۆژیکێکی ناوەکیانەی بەردەوام لەواقیعی ئێمەدا دەجوڵێت و ناوبەناویش لەشێوەی بارگرژیی و پشێویی و خۆپیشاندانداندا دەردەکەوێت.. لەمکاتەشدا دەزگاکانی راگەیاندن هەموو گوناهو کەموکورییەکانی رژێمە سیاسییەکەیان بەملی خۆپیشاندەرانەوە هەڵدەواسن و وای لەخەڵك دەگەیەنن کە هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردیی ئەم چەند سەد کەسەیەو ئەگەر ئەمان نەبن ولات شامی شەکرەو هیچ قەیران و گرفتێکمان نییە.

## کەرتی گشتی و ناوێکی پێچەوانە:

ئەوەی گروپەکەمان پێیگەیشتووە سەبارەت بەچۆنێتی دابەشکردنی سووتەمەنی بەهەر سێ جۆرەکەیەوە (بەنزین، گاز، نەوت)، ، سەرنجەکانمان زیاتر لەسەر ئەو لیستەیە کە (دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون) ناوینێوە "کەرتی گشتی"، چونکە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ئەم لیستەدا ئەوەت پێدەڵێت کە ئەمە لیستی "کەرتی حیزبی دەسەڵاتدار"ە نەك کەرتی گشتی، لەبەرئەوەی لە(95٪)ی ئەو شوێنانەی لەم لیستەدا ناویانهاتووە، هەندێك کەسایەتی و مەڵبەندو ڕێکخراوەکانی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانن و ئەوەی تریشی کەدەمێنێتەوە چەند کۆمپانیاو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و ئەهلین.

## دەسەڵاتداران لەناو لیستی کەرتی گشتیدا..

بەپێی ئەو حەوت لیستەی کەرتی گشتی کە لەبەردەستماندایەو لە مانگی مارتی 2006 ەوە دەستپێدەکات بۆ مانگی تشرینی یەکەمی 2006، زۆرترین بڕی سووتەمەنی بەنزین بەسەر دەسەڵاتداران و مەڵبەندو شوێنە حیزبییەکاندا دابەشکراوە، بەبێ ئەوەی هیچ پێوەرو کەشفێك هەبێت بۆ پێدانی ئەم برە بەنزینانە بەم شوێنانە، بەڵکو تەنها کیتابێکی ئەو شوێنە بەسبووە بۆ ئەوەی چەندێکیان بوێت وەریبگرن. جگە لەوەی ئەگەر سەیری ئەو برانە بکرێت زۆر بەدەگمەن دوو مانگی وەکیەکی تێدایە، ئەمەش نیشانەیەکی روونە بەوەی کە زۆربەیجار ئەوە لایەنی وەرگرە تەحدیدی ئەو برە دەکات کەدەیەوێت نەك لایەنی پێدەر (واتە دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکانە) دیاریبکات. ئەمەش تەنها ناوی هەندێك لەو شوێنانەیە کەبڕی ئەو بەنزینەیان لەچەند مانگێکدا وەرگرتووەو ناویان لەلیستی کەرتی گشتیدا هاتووە:

| ناوی دەستەو شوێنەکانی سەر بە (ی.ن.ک) | مانگی مارتی 2006/ لیتر بەنزین | مانگی نیسان | مانگی مایس | مانگی حوزەیران | مانگی تەمووز | مانگی ئاب | مانگی ئەیلول | مانگی تشرینی یەکەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سکرتاریەتی سکرتێری گشتی | 40000 | 96750 | 142276 | 130000 | 110000 | 80000 | 34500 | 60000 | 693526 |
| دەستەی کاک کۆسرەت | 20000 | 125350 | 130000 | 192800 | ____ | 105000 | 15000 | 105000 | 693150 |
| مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) | 20000 | 15000 | 30000 | ____ | 60000 | ____ | 10000 | ____ | 135000 |
| دراساتی گشتی (دەزگای زانیاری) | 35000 | 14500 | ____ | 45000 | ____ | 10000 | 17500 | 25000 | 147000 |
| مەڵبەندی 8ی رانیە | 25000 | 25000 | 25000 | 25000 | 3000 | 5000 | ____ | ____ | 108000 |
| مەکتەب ڕێکخستن | 10600 | 18600 | 3600 | 20360 | 22750 | 1500 | ____ | 17060 | 94470 |
| مەکتەبی پەیوەندی کوردستان | 11250 | 16760 | 14360 | 14360 | 14360 | 14360 | 14360 | 12000 | 111810 |
| مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە | 2400 | 4800 | 2400 | 4400 | 2400 | 2400 | 2000 | 3170 | 23970 |
| مەڵبەندی 1ی ڕێکخستن | ____ | 10000 | 23500 | 16750 | 16750 | ___ | 16750 | 15060 | 98810 |
| دەستەی مام غەفور | ___ | ____ | 6000 | 3000 | 3000 | 3000 | 3000 | 2190 | 20190 |
| مەکتەبی بیرو هۆشیاری | 3000 | 3000 | 7600 | 7600 | 8400 | 4500 | 9200 | 10470 | 53770 |
| لقی 12ی پ.د.ک | | | | | 14800 | 9000 | 11400 | 12450 | 47650 |
| هاولاتی محمد سەلیم | ___ | ____ | ____ | ____ | ____ | ____ | 11600 | ___ | 11600 |
| سکرتاریەتی سکرتێری سۆشیالیست | ___ | ___ | ___ | ___ | ___ | ___ | 4770 | 5200 | 9970 |



ZAGROS WEB SITE

## راگەیاندنەکان لەناو لیستی کەرتی گشتیدا..

لەناو ئەو هەموو ئێزگەو تەلەفزیۆنە لۆکاڵییانەی لەناوەوەو لەدەرەوەی شاری سلێمانیدا هەن، تەنها ئەمانە ناویان لەناو لیستی کەرتی گشتیدا هاتووەو کەناڵەکانی تر لەرێگەی کارتی تایبەتیەوە بەنزین وەردەگرن، لەکاتێکدا هەر ئەمانە ناویان لەگازیشدا هاتووەو لێیبەهرەمەندن.

| راگەیاندنەکان | مانگی مارتی 2006/ لیتر بەنزین | مانگی نیسان | مانگی مایس | مانگی حوزەیران | مانگی تەمووز | مانگی ئاب | مانگی ئەیلول | مانگی تشرینی یەکەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەناڵی کوردسات | 20000 | 20000 | 16950 | 20600 | ____ | 20600 | 10000 | 12000 | 120150 |
| گەلی کوردستان TV | 5000 | 25000 | 10000 | 10000 | 9653 | 10000 | 10920 | 14000 | 94573 |
| دەنگی گەلی کوردستان | | 7000 | 9000 | 9000 | 9000 | 15000 | 13000 | 15000 | 77000 |
| مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ك) | .____ | 6500 | ___ | 4000 | 1250 0 | 12500 | 12500 | 12500 | 60500 |
| سەتەلایتی کوردستان | | | | | 4560 | ____ | 4440 | 4560 | 13560 |
| زاگرۆس TV | | | | | 7100 | 7100 | 5000 | 5500 | 24700 |

## کۆمپانیاکان و کەرتی گشتی..

– ئەو کۆمپانیایانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە لەمانگی مارتی 2006)ەوە تاکو مانگی پێشوو (واتە مانگی تشرینی یەکەمی 2006) هەزاران لیتریان بەنزین و گاز لەژێر ناوی کەرتی گشتیدا وەرگرتووە، کۆمپانیاکانیش ئەمانەن:

| ناوی کۆمپانیاکان | بڕی وەرگرتن/ لیتر | بەروار/2006 | ژمارەی پسوولە | جۆر |
|---|---|---|---|---|
| کۆمپانیای ئارام | 8000 | 9،8،3/6، 4/16 | 90945، 91007، 91050، 94031 | بەنزینی بێجی |
| کۆمپانیای چین (چینی دوو سایدا) | 10000 | 3/24، 10/2 | 91388، 101618 | بەنزینی تێکەڵاو |
| کۆمپانیای KEC | 7000 | 3/8 | 91029 | بەنزینی بێجی |
| ئەسیل سان (تورکی) | 9600 | 8/7، 9/3 | 97976، 99698 | بەنزینی محسن |
| میدیا تیلیکۆم | 8400 | 6/11، 7/7، | 96440، 97148 | بەنزینی تێکەڵاو |
| ویستەرن زاگرۆس | 30150 | 7/17، 7/24، 9/14، 9/19 | 97375، 97587، 99996، 101126 | بەنزینی تێکەڵاو |
| کۆمپانیای (م) ئەکادیمیەی | 7000 | 10/19 | 103248 | بەنزینی تێکەڵاو |
| کۆمپانیای دیار | 610 | 10/10 | 101856 | بەنزینی تێکەڵاو |
| گۆنای خەزنە | 3250 | 3/22 | 91305 | بەنزینی بێجی |
| کۆمپانیای سانا تێل | 6000 | 4/4 | 91700 | بەنزینی بێجی |
| کۆمپانیای ئاسیاسێل | 4800 | 7/16 | 97339 | بەنزینی محسن |
| کۆی گشتی | 94810 | نەوەدو چوار هەزارو هەشتسەدو دە لیتر بەنزین | | |

**پێویستە بگوترێت کە هەمان ئەم کۆمپانیایانەو چەندین کۆمپانیای تری وەک کۆمپانیای فەلاح، هەمەوەند، قەندیل، سەرچنار بۆ دروستکردنی ئارد، سەرچنار بۆ بازرگانی، سیتیك، هەرێم، ژیلە پرۆژەی تێکلاو، کۆمپانیای سەفین ئارد، کوردتێل... هتد بەبڕی زیاتر لە (10000) لیتر گازیش لەژێر هەمان ناوی کەرتی گشتیدا وەردەگرن. کە لەڕووی یاساییەوە ئەم کۆمپانیایانە سەر بەکەرتی تایبەتن و دەبێت لەسەر بودجەی خۆیان سووتەمەنی بکڕن و ناکەونە خانەی کەرتی گشتییەوە. پاشان پرسیارێك دێتەپێشەوە ئەویش ئەوەیە کەئایا لەهەموو پارێزگای سلێمانیدا تەنها ئەم کۆمپانیایانە هەن، ئەی ئەوانی تر؟! .**

## ڕێکخراوەکان و کەرتی گشتی..

**لەناو ئەو هەموو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، تەنها ناوی ئەم چەند ڕێکخراوە لەلیستی کەرتی گشتیدا هاتووە کە بەنزین و گاز وەردەگرن، لەکاتێکدا هەریەك لەمانە تواناو بودجەیەکی زیاتریان هەیە لەڕێکخراوەکانی ترو ئەوەیان پێهەڵدەسوڕێت کە سووتەمەنی بۆ خۆیان دابین بکەن، یاخود ئەم ڕێکخراوانە دەبێت کاتێك وەریدەگرن هەوڵبدەن بۆ سیستماتیککردنی ئەو دابەشکردنە بەسەر هەموو ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بەتایبەتیش ئەوانەی بانگەشەی شەفافیەت و مافی مرۆڤ و منداڵ و چەسپاندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن.**

| ناوی ڕێکخراوەکان | بڕی وەرگرتن / لیتر لەماوەی مانگی مارت – ت1/2006 | بەروارەکان/2006 | ژمارەی پسوولەکان | جۆرەکانی بەنزین |
|---|---|---|---|---|
| ڕێکخراوی ڕیچ **REACH** | 10300 | 6/27، 7/27، 9/12 | 96846، 97676، 99936 | **تێکەڵاو ، محسن** |
| ڕێکخراوی (**NPA**)ی نەرویجی | 17610 | 9/12، 10/13، 10/13 | 99937، 101985، 102000 | **تێکەڵاو ، محسن** |
| منداڵپارێزی کوردستان | 88000 | 4/4، 4/30، 5/9، 5/25، 6/18، 6/20، 7/19، 10/1، 10/19، | 91694، 94323، 94589، 96029، 96531، 96609، 97439، 101565، 103251، | **بێجی، کەرکوک، تێکەڵاو، محسن** |
| یەکێتی ژنان | 26760 | 4/27، 5/10، 6/4، 6/21، 6/27، 7/30، 9/10 | 94243، 94646، 96345، 96647، 96856، 97744، 99888 | **بێجی، کەرکوک، تێکەڵاو، محسن** |
| یەکێتی مامۆستایان | 88000 | 3/18، 3/30، 4/5، 4/13، 6/11، 10/12، | 91249، 91719، 91962، 96447، 94313، 101955 | **بێجی، کەرکوک، تێکەڵاو، محسن** |
| سەنتەری لێکۆڵینەوەی جەندەر | 10800 | 5/4، 6/20، 8/24، 9/20 | 96610، 94427، 99468، 101185 | **بەنزینی تێکەڵاو** |
| ڕێکخراوی (S) | 12800 | 3/26، 3/30، 4/18، 5/14، 6/18 | 91447، 91573، 94104، 94779، 96526 | **بەنزینی بێجی، تێکەڵاو** |

جێگەی ئاماژەدانە، ڕێکخراوی (S) لەو ڕێکخراوانەیە کە چەندێك بەدوایداچووین نەمانزانی کێیەو تەنانەت لەکۆبوونەوەی لیژنەی سووتەمەنیشدا باسمانکردو ئەوانیش ئەم ناوەیان نەسەلماند! هەروەها پێویستە ئەوەش بگوترێت کەهەمان ئەم ڕێکخراوانەی سەرەوە بەبڕی هەزاران لیتر گازیشیان وەرگرتووە.

## لوتکەی قەیران و هەڵوەستەیەك

لەمانگی هەشتی 2006دا، کە مانگی بەرزبوونەوەی لەرادەبەردەری بەنزین بوو لەبەنزینخانە بازرگانییەکانداو تەنانەت نرخی دەبەیەکی 20 لیتری تێیدا گەیشتە (30 هەزار دیناری عێراقی)، کەئەمەش هۆکارێکی سەرەکی پشت دروستبوونی خۆپیشاندانەکان بوو، کەچی هەر لەم مانگەدا کۆی گشتی ئەو بەنزینەی گەیشتۆتە دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان – بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون)و بەپێی ئامارێك کە لەبەردەستماندایە بڕی( 18062426 – هەژدە ملیۆن و شەست و دوو هەزارو چوارسەدو بیست و شەش) لیتر بووە، لەکاتێکدا کۆی بڕی بەنزینی دەرچوو لەمانگی تەممووزدا 16230274 لیتر بەنزینە. کە بەبەراورد لەگەڵ مانگی حەوتدا نزیکەی 2 ملیۆن لیتر بەنزین زیاتر هاتووە، ئەی کەواتە ئەو قەیرانەی بەنزین لەمانگی هەشتدا لەپای چی و چ ناوێکی لێدەنێیت!!

## پێشنیارەکان:

– پێویستە بەر لەهەر شتێك وەزارەتی سامانی سروشتی بەهاوکاری (دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان– بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون) لەهەوڵی دروستکردنی چەند عەمبارێکی هاوچەرخدا بێت لەناوەوەو دەرەوەی شاری سلێمانیدا لەپێناو گلدانەوەی بڕێکی زۆر لەو سووتەمەنییەی کە زیادەیەو سەرف نابێت، بۆخاتری ئەوەی وەختێك بارگرژییەکی ئەمنی و سیاسی دەکەوێتە نێوان هەرێمی کوردستان و مەرکەزەوە، لانیکەم بتوانێت بۆ ماوەی مانگێك زەخیرەی سووتەمەنی هەبێت، نەك وەك ئەوەی ئێستا هەیەو تەنها یەك عەمباری 10 ملیۆن لیترییە، لەکاتێکدا هیچ مانگێك کەمتر لە 15-23 ملیۆن لیتر بەنزین نەهاتووە، بەگازو نەوتیشەوە.

– ئێمە وەك گروپی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چاودێریکردنی سووتەمەنی، خوازیاری ئەوەین لە "دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان– بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون" کە بەکۆی لیستی کەرتی گشتیدا بچێتەوەو هەوڵبدات بەپێی پلانێکی پێشوەخت داڕێژراوی خۆی سووتەمەنی دابەش بکات و لیژنەی کەشفی هەبێت بۆ بڕی ئەو بەنزینەی کە لایەنە وەرگرەکان دەیخەنەڕوو، جگە لەوەی نابێت لەکاتی قەیران و نەبوونی سووتەمەنیدا لایەنەکانی کەرتی گشتی بەر لەهاوڵاتیان وەریبگرن، بەڵکو دەبێت لەوکاتەدا ئەوانە خۆیان لەبازاڕدا بیکڕن بۆ خاتری بار سووکی ڕەوشەکەو پێچەوانەکەشی قەیرانی سووتەمەنی ئەوەندەی تر قووڵدەکاتەوە، وەك ئەوەی لەمانگی 8ی 2006دا بینیمان.

– پێویستە (دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان– بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون) بڵاوکراوەی تایبەتی خۆی هەبێت لەبارەی بڕی هاتن و دەرچوونی سووتەمەنی لەپارێزگای سلێمانیداو هاوڵاتیان لەراستی ئەو پرۆسەیە تێبگەن.

– پێویستە (دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان– بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون) لیژنەی کەشفی هەبێت بۆ هەموو ئەو شوێنانەی پێویستییان بەسووتەمەنییە بەبێ جیاوازی.

– پێویستە (دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتییەکان– بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون) خوازیاری ئەوە بێت کە سووتەمەنی بازرگانی بەهەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەبکرێت، چونکە ئەمە سەرچاوەی ئەو ناعەدالەتییەیە کە لەپشتەوە کاری خۆی دەکات و شەرعیەتی داوە بەخۆی. چونکە بەپێی هەندێك لەبۆچوونەکانی ئەندامانی لیژنەی سووتەمەنی سلێمانیش تەئکیدیان دەکردە سەر ئەوەی کە شتێك نییە پێیبگوترێت سووتەمەنی بازرگانی، بەڵکو ئەوەی کە بەو ناوەوە دەفرۆشرێتەوە هەمووی زادەی ئەو گەندەڵی و نەبوونی لێپرسینەوەیەیە کە لەهەموو ئاستەکاندا هەیەو ئێستا بازرگانیکردن بەسووتەمەنییەوە گەورەترین قازانجی لەکەمترین ماوەدا تێدایەو ئەمەش سەرچاوەی بەهێزبوونی گیانی مشەخۆریی و گەندەڵییە لەناو کۆمەڵگەدا.

**گروپی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

**بۆ چاودێریکردنی سووتەمەنی**

**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن** ( KIE )

**ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت** ( CDO )

**ڕێکخراوی گەشەپێدانی یاساو مەدەنیەت** ( LCDO )

**ڕێکخراوی گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ** ( DHRD )

**ڕێکخراوی دەستپێشخەریی کۆمەڵی مەدەنی** ( CSI )

**ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی** ( BCC )